بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

بەرێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان
بەرێز پارێزگاری سلێمانی
بەرێزان دامەزرێنەران و سەرۆکایەتی زانکۆ و مامۆستایان و خوێندکارانی خۆشەویست.
میوان و ئامادەبووانی مەراسیم.

خۆشحالم کە ئەمرۆ لێرە لەگەڵ ئێوە بەژدارم بە نوێنەرایەتی برای خۆشەویستم کاک د. یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە ئەو خۆی لەبەر بەر هەندێ ئیش و کاری تر و ئیلتیزامی تر ئەم ئەرکەی بە ئێمە سپارد.

وەک هەموو لایەک دەزانین کە ٢ ساڵ لەمەوبەر بەردی بناغەی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا لەم شارە خۆشەویستەدا دانرا، وا ئەمڕۆ مەراسیمی دووەم ساڵەی ڕۆژی زانکۆ بەیەکەوە دەگێرین.

لێرەدا دەمەوێ ئەمە بڵێم کە شاری سلێمانی خۆی یەکەم شارە و پێشەنگی باقی شارەکانی ترە لە کردنەوە و دامەزراندنی زانکۆدا. وە بەراستی دامەزرێنەران و خاوەن بیرۆکەکی کردنەوەی ئەم زانکۆیە شوێنێکی گونجاو و شیاو پڕ بە پێستیان هەڵبژاردووە بۆ کردنەوەی زانکۆکەیان، چوونکە شاری سلێمانی زیندووە، شارێکی زانستخواز و پڕاو پڕە لە جموجۆڵی ڕۆژشنبیری و نوێخوازی، واتە شوێنی ئەم زانکۆیەش لێرە دەبێتەوە لە پایتەختی ڕۆشنبیری.

ڕاستە ئەم زانکۆیە زانکۆیەکی ئەهلیی و تایبەتە و دامەزرێنەرانی مافی قازانجکردن و دەستکەوتیان هەیە. بەڵام لە ڕوویەکی ترەوە وەک دەزگایەکی گرنگ و بەرهەم هێنی زانست و مەعریفە سەیر دەکرێت وە دەبیت واش بێت.

لە ئێستادا لە کوردستان چەندین زانکۆی حکومیی هەیە ئەوەندەش یان تۆزێک کەمتر زانکۆی ئەهلی و تایبەت هەیە. لەوانەیە ئەم پرسیارە بکرێت ئایا هەموویان پێویستن یاخود چی بکرێت بۆ ئەوەی کێبرکێی نێوان زانکۆکان ڕاست و دروست بێت و بنەمایەکی زانستی هەبێت. بۆیە داواکارین بۆ لەمەودوا زانکۆ تایبەتەکان و زانکۆ حکومیەکانیش دەبێ گەشە و بەرنامەیان لەسەر ئەم بنەمایانە دابڕێژن. (زانکۆکان کاریان تەنها بەخشینی بڕوانامە و گۆڕینی باری دەروونی خەڵک نەبێت بە ئاسوودەبوون بە هەبوونی بڕوانامەیەکی بەرز و بێ ناوەڕۆک و توانست و پێویست) زانکۆکان دەبێت لەمەودوا کارو بەرنامەیان بەو ئاراستەیە بێت چۆن تاکی زیندوو و خاوەن مەعریفە و توانستی زانستی گونجاو لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم بەرهەم بهێنن. پێمان باشە لەمەودوا گرنگی زیاتر بدرێت بە چۆنایەتی نەک تەنها چەندایەتی وە دەبێ زانکۆکان لەمەودوا کاریان گۆڕانکاری گەورەبێت لە کۆمەڵگا نەوەک دەرەوەی زانکۆ و دیاردە ناڕاست و نامۆکان کاریگەریان هەبێ لەسەر زانکۆکان. بەرنامەیەکی نیشتیمان لە وەزارەتەوە دەست پێکراوە ئەویش بە دانانی ڕیزبەندی و ڕانک بۆ زانکۆکان لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ زانکۆ تایبەتەکانیش ئەم پرۆسەیە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و بەردەوامیش دەبێت. هیوادارم زانکۆی کۆمار شوێنی بەرز و شیاو لەم ڕیزبەندیە وەربگرێت. هیوای سەرکەوتن و گەشەی زیاترتان بۆ دەخوازم وەر هەر بەڕاستی کارێک پیرۆز دەکەن ئەگەر بەو ئاراستەیە کاربکەن، وە لە چەند بوارێکی تایبەت و پێویستی سەردەم لە زانست و تەکنەلۆجیا و بەشەکان و کۆلێژەکانتان بکەنەوە، وە بە دروستیی دەرچوانتان بە بازاری کارەوە ببەستنەوە.

دڵنیاش بن لە چەند ساڵی داهاتوودا دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان ئەگەر بە توانا و لێهاتوو نەبن لە دۆزینەوەی کار و کێبرکێی بەدەست هێنانی کار و خزمەتکردن، ئەوە بە سلبی دەگەڕێتەوە سەر ئاستی توانستی زانکۆ تایبەتەکان و حکومیەکان بە گشتی، بەلام لەسەر زانکۆ تایبەتەکان کاریگەرتر دەبێت.

لە کۆتاییدا هیوای ئایندەیەکی گەش دەخوازم بۆ کوردستان و بۆ زانکۆکەتان.

زۆر سوپاس

پ.ی.د.وەلی مەحمود حەمەد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە
بە نوێنەرایەتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
٢٠١٥/٠٣/٢٨